# تۆهمەتی دکتۆرە ساختەکە یان شوان کەرکوکی بۆ کازیوە ساڵح؟؟؟؟

ئیسماعیل کەریم/ ئەڵمانیا
www.ismail-karim.com



یەکەم خاڵ پێت ئەڵێم نازناوی کەرکوکی ساختە بۆ خۆت هەڵمەبژێرە ،چونکە کەرکوک و کەرکوکی بوون زۆر لەوە پیرۆزتر،خەڵکی وەکو تۆ نازناوی ساختەی لێ داتاشێت،خەڵکی کەرکوک و گەرمیان ئەوانەن کە کازیوە ساڵح لە دیدارەکانیدا باسیان دەکات ، ئەوانەن ئەڵێت لە کێشەی گۆڤارەکەمدا لە گەڵم بوون . کەرکوکی کەسی نەخۆش ،ڤایرۆس بڵاوکەرەوە نیە.

نوسین و کاری نوسین بەر لەوەی وەک بەهرەیەک مرۆڤ لە خۆیدا بیبینێت ، دەبێت وەک ئەخلاقێک مامەڵەی لەگەڵدا بکات، گەر نا ئەوا ئایندەی بەخاک سپاردنی قەڵەمەکەیەتی لە گۆڕستانی بەربەریەکاندا
دیارە لای هەموو کەسێکی ڕۆشنفکر ڕوونە دەکرێت نوسین بە هەردوو ئاراستەکادا بنوسرێت و کاری پێ بکرێت، چ وەک ئەم هەندە بە ناو نوسەرە کە هەردەم نوسینەکانیان بە ئاراستە دژە مرۆیەکاندا بەکار دەهێنن، بە بێ ئەوەی خاوەن پاش خانێکی ڕۆشنبیری بن و تەنها بۆ ڕۆژیکیش، توانیبێتیان خزمەتێکی گەر بچوکیش بێت، بە ئەدەب و فکری کوردی کردبێ، بە هیندە هەردەم لە پلان و پاشقول گرتنن لە تواناو بەهرە و لێهاتوی کەسانی تر، بە تایبەتی گەر ئەو نوسەرە ژن بێت و خاوەن فکر و ئەزمونی گەورەی نوسین بێت...
وە هەندی دوهەم هەمیشە نوسینەکانیان تەرخان کردوە لە پێناو هەرچی جوانترە بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی بە گشتی و تاکی کورد بە تایبەتی ، کە زیندووترین و لە بەرچاو ترین نمونە بەڕێز خاتوو( کازێوە ساڵەح)ە
پێشتر لە وتارێکمدا بە نێوی (ئاستەنگەکانی پیاوی کورد لەبەردەم ژنی نوسەردا) باس کردوە،
کە زۆرینەی پیاوی ئەم دەڤەرەی ئێمە لە بری خزمەت کردن بەم نوسەرە جدی و قەڵەمە پڕ بەهرانە، ئەوا هەردەم لە هەوڵی تێگلان و کەوتنیانن بە هەر نرخێک بێت، ئەویش تەنها ئەوەیە کە چاویان هەڵنایەت بە توانا و فکری نوسەرێکی تر لە نێوەندەکەدا کە ژنە و خوێنەرێکی بێ شومار لەدەوری نوسینەکانی جەم بوون و ، نوسینەکانی بونەتە پاشخانێکی گەورەی مەعریفی بۆ سود وەرگرتن لەسەرجەم بوارەکانی خود ناسیندا تاوانی هەرە گەورە لە دونیا نوسیندا بێ بەڵگە قسە کردن و تۆمەت پاڵ خستنە سەر نوسەرێکی ترە، کە لە دونیای تازەی ئەمڕۆدا بە سەرەکی ترین و بەربەریترین تاوان لە قەڵەم دەدرێ....

لێرەوە دەمەوێت پەردە لەسەر ئەو دەستە چەپەڵ وگەندەڵەی کەسێک لە ژێر ناوی ( کەژاڵ سلێمانی) و(شوان کەرکوکی) هەڵبماڵم، کە ماوەیەکە بە نوسین و هەندێ جاریش بە ئیمایل ناردن بۆ نوسەران و هاوڕێیانی خاتوو (کازێوە) دەستی پێ کردوە  بە تایبەتی بۆ من و هەندێ لە ماڵپەڕە کوردیەکان
چوار مانگ بەر لە ئێستە، ئەو دەمەی ئەم مرۆڤە نەخۆشە بابەتێکی منی بینیبوو لە ماڵپەڕەکان بڵاو کرابویەوە لە ژێرناوی (کازێوە تارای شەونمی لەسەرەو خەندە لە نێو قەد باڵەکانەوە بۆ سەر لێوی ژنانی کۆمەڵگا دێنێتەوە) دەست و دەم بە چەند ئیمایلیک بۆ من زۆر نا مرۆیانەو دوور لە ڕەوشتی هەر مرۆیەکی بە ویژدان و مرۆ دۆست ، هەمان ئەم تۆمەتە نابەجێیانەی نوسی بوو. کە ئەمڕۆ لە وتارێکدا بە نێوی(کازێوە ساڵەح کولێرای ڕوناک بیری) لە ماڵپەڕی کوردستان نیوز بڵاو کردۆتەوە (کە خۆشبەختانە لەلایەن ئەوانەوە سڕایەوە)
شەرم لە پیاوەتی خۆم ئەکەم ،پیاوێک لە ناو کوردا مابێت لەو ئاستدا،ژنێک ڕێگەی چەوساندنەوەی نەدابێت لە ژیانی کەسیدا،ئەو تواناو زاڵیەتیی نەبووبێت ،ئەمڕۆ ئەو دلسۆزی تەکنەلۆژیایە،هەوڵ بدات لە ڕێگەی ناوی ساختەو ئیمەیلی ساختە ونووسینی پڕ تۆمەت وفیتنەیی بیەوێت ئەوە بکات یان تۆڵە بکاتەوە.هەر بەوە نەوەستێت کاتێک ئەزانێت یاریەکەی دەستی ئاشکرا  بووە ،ئەنجا وێنەیەکی تەزویری لە ماڵپەڕێکەوە  دەردەهێنێت و دەیخاتە سەر ناوە ساختەکەی. من بە دکتۆرە ساختەکە ئەلێم گەر ڕاست دەکەیت ئەو وێنەیە ڕاستە فەرموو من بە شاهیدی خوێنەر و کامیرایەکی تەلەفزیونی لە هەر کوێ هەیت دێم ئەتبینم ...تەنها لە پێناوی یەک شتدا بۆ ئەوەی گەندەڵکارانی ئەلکترۆنیش وەکو گەندەڵکارانی سیاسی بەر نەفرەت بکەون ،بە تایبەت ئەگەر ئەو گەندەڵکارانە خۆیان بە دڵسۆزی تەکنەلۆژی بزانن وداوای سواڵ وگەڕانەوە بۆ کوردستان بکەن بۆ خزمەتی تەکنەلۆژی.دڵنیاشی ئەکەمەوە ئەم یاری کردن خۆڵ کردنە چاوە بە سەر ماڵپەڕەکانیشدا تێناپەڕێت و لێت خۆش نابن گەر ویژدان مابێت.
لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە بۆ خەڵکی عەوام نانوسم و ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەری کورد زۆر لەوە بە بەرزتر دەزانم لێرەد ناخوازم  بکەومە شەن وکەو کردنی سەرجەم نوسین و پەڕتۆکە چاپکراو چاپنەکراوەکانی (کازێوە)  هەموو ئەو کارو هەوڵە جدیانەی بۆ ژنی کورد و ئەنفال و دۆزی کورد کردوە لە  کوردستان و کەنەدا، هەر شوێنیکی تر بوبێت.                                        .
چونکە هەر کەسێ گەر تەنها بۆ ڕۆژیکیش بوبێت خولیای خوێندەوە هە بوبێت و سۆراخی قەڵەمە  جدیەکان و نوسەری جدی کردبێت، بە دڵنیایەوە ئاوێزانی بەرهەمەکانی (کازێوە) بوە، بەڵام ئەوەی کە جێی قسەو باسە سەر لێشێوای ئەم پیاوە نەخۆش و تا سەر ئێسقان عەشایەر گەری و دواکەتووەیە، کە هەر ڕۆژەی بە ناوێکی خوازراوەوە داخ و کینە و بوغز و قینە ڕەشەکانی هەڵدەڕژێت و، خەریکی سوکایەتی کردنە بە ئاوا نوسەرێک، کە ساڵانێکە وەک قەڵەمێکی جدی لە بوارەکەدا  دەنوسێت و خزمەتێکی هەند گەورەی کردوە بە کورد، کە هەرگیزاو هەرگیز نەک ئەم جۆرە پیاوانە لە ژێر ڕوناکی ناوی ئەودا خۆیان پێ گەیاند ناتوانن بیکەن، بەڵکو ناتوانن خشتێکیش بن لەو خانوەی (کازێوە) بۆ ژنی کورد و دۆزی کورد بونیادی ناوە بەڵام ئەوەی ئەسەفە، بێ ئاگای ماڵپەڕە کوردیەکانە کە زۆر شت سانا گوزەر دەکات بە سەریاندا بە بێ ئەوەی هیچ خوێندنەوەیەکیان هەبێت بۆ ئاوا نوسینێک بە ناوێکی خوازراوەوە کە دەنوسرێت، کە بەڕاستی مرۆڤ شەرم دەیگرێت لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە نوسینانە، کە دوورە لە هەموو بەهاو پرنسیبەکانی نوسین.ئەمە لە کاتێکدا هەر ئەم پیاوە بەم ناو و ئیمایلەوە هەمان بابەتی ناردوە بۆ ماڵپەڕی (کوردستان پۆست)  و دەستەی نوسەرانیش بە بێ خوێندنەوەیان بۆ ئەم نامەیە، دەست و دەم بڵاویان کردۆتەوە ...
مرۆڤی نەخۆش لە هەموو کاتەکاندا پێوستی بە کۆمەک و لێ بوردەی هەیە، بە هێندەی ڕسوا کردن و  قەڵەم لێ تیژ کردن، گەر نا ئەوا بەڵگەم پێە دەیان بەڵگەی ئاشکراو ڕوون کە (کەژاڵ سلێمانی+شوان کەرکوکی=  دکتۆرە درۆزنەکەی ئەمەریکا) چەند ناوێکی تریش هەر یەک گورگەو هەر جارەی لە ژێر ناوێکی خواسراوەوە خۆی دەنوێنێ.

لێرەوەیە قسەکەی (کازێوە) دێتەوە یادم کە دەڵێ( دەبێت ژن بیت بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگایە بناسیت)
خوێنەرێکی هەردەمی نوسینەکانی(کازێوە)م و گوێگری زۆربەی چاوپێکەوتنەکانی بووم ، ئێستەشی لەگەڵدا بێت بچوکترین دەستەواژەی نا بەجێ و نا دروستم لە شوێنی قسەکانیدا نەبینوە و نە بیستوە لەسەر پیاو ، بە هێندەی وەک نوسەرێک و خاوەن ئەزمونێکی درێژ لە بواری نوسیندا  وەک هەر نوسەرێکی تر و وەک مرۆڤێکی ئازادی خواز هەمیشە خەوی بە کۆمەڵگەیەکی تەندروستە بینیوە و دەبینێت... مافی هەر یەکێکیشە  ڕەخنە لە هەموو

دیاردە گەندەڵو دزێوەکان بگرێت، بە تایبەتی چەوساندنەوەی هاورەگەزەکانی خۆی بە دەست پیاوانەوە، کە هەر رۆژەی کوشتن و سوتاندن و خنکاندی کچێک ، ژنێک دەبێتە مارشی گۆڤار و رۆژنامەکان.
کام پیاوە هەیە بتوانێت نکولی لەوە بکات، ئەو ژیانەی کچ و ژنای کورد دەیگوزەرێنن لە ژێر ئەم دەستەڵاتی پیاو سالارێدا شایستە بە مرۆڤە؟ کێن ئەوانە حەشا دەکەن کە خوشک و دایک و ژن کوشتن لەسەر مومارەسەی ئازادی مرۆی نیشانەی سەربەری و پیاوەتیان نیە لە ئێستەی کوردستاندا؟ کەس دەتوانێت بڵێ پیاوی کورد ئازادی و یەکسانی خوازە لەبەردەم ئازادیەکانی ئافرەتاندا؟ ئێستەشی لەگەڵدا بێت چارەنوسی هەموو ئەو کچ و ژنانە لەمەرگەوە نزیک نیە، گەر تەنها یەک رۆژژژژژژژژژژ وەک ئێمەی پیاو خواستە مرۆیەکانیان پراکتیزە بکەن؟؟؟ هتد........
هەموو ئەم وەحشی گەرایەیە نەک تەنها نوسەریکی بە ویژدان و مرۆیەکی کورد پەروەر و ژنێکی قوربانی دەستی ئەم سیستەمەی وەک (کازێوە) دەهێنێتە دەنگ و نوسین ، بەڵکو زۆر جار ئێمەی پیاو شەرم دەمان گرێت کە پیاوین، لە کاتێکدا ئەم لافاوی خوێنە ئێمە دروست کەرین و ئەم زوحاکە بە خوێن تینووەی مێشکمان بەردەوام پێوستی بە خوێنی خوشک و دایک و هاوسەرمانە،تەنانەت ئەگەر هاوسەرەکەمان لێشمان جیا بووبێتەوە...

ئایا مافی رەوای (کازێوە) و هەر مرۆڤیکی تر نیە نەک پەنچە بخاتە سەر ئەم زامانە لە جەستە سوری خوێناوی ئەم کۆمەڵگایەدا هەیە، بەڵکو تفیش لە ئاوا سیستەمیک بکات کە کۆمەڵگا بە رێوە دەبات؟؟؟ کە زیاتر لە گۆڕستانیک دەچێت ، بە هێندەی بە کۆمەڵگایەکی ژیان دۆست بیشوبهێننین
مرۆڤ گەر حورمەتی لە ئەندامانی کۆمەڵگاکەی خۆی نەگرت، بە دڵنیایەوە ناتوانێت پەیوەندیەکی تەندروستیس لەگەڵ کۆمەڵگا جیا کانی تر بکات،بۆیە لەو کۆمەڵگا پێشکەوتوانەشدا هەر عەشایەرگەریانە لێ ئەخورێت. بە تایبەتی گەر کەسێک نەیتوانی ریز لە رابردوی خۆی و هەموو ئەو کەسانە بگرێت کە رۆژگاریک پەیوەندیەک کۆی کردونەتەوە ئەمرۆ بێت فیشەک بنێت بەو رۆژانەوە، ئەوە شایستە بەزەی پێدا هاتنەوەیە ، بەقەد ئەوەی کاتی بۆ تەرخان کەیت بۆ وەڵام دانەوە، چونکە بێ ئاگایە لەوەی فیشەک نان بەرابردووەوە ئایندە تۆپ پێوەنانە بە روو بە رووی خۆیدا(رەسوڵی هەمزە تۆف/داغستانی من)
هێندەی دەمەوێت بڵێم.... کەسێتی (کازێوەساڵەح) نوسین و بەرهەم و پەرتۆکەکانی ئەم خانمە زۆر لەوە گەورەترە لای میلەتی کورد بە گشتی و خوێنەر بە تایبەتی بە قەڵەمێکی نەزۆکی ناوێکی خوازراوی(شوانکەرکوکی) ئیمالی ساختەی(کەژاڵ سلێمانی) و بە (هاک) کردنی ئیمایلیەکەی کازێوە،) ئەم نوسەرە مرۆڤ پەروەر وراستگۆ بە ویژدانە لەکەدار بکات لە بەر دیدەی هەموو خوێنەرێکی هۆشیار و بە ئاگا
رەنگە لێرەدا بواری ئەوە بە خۆم نەدەم و وەک ئەخلاقی نوسینم هەموو ئەو ئیمایلانەی کە بەهەر سێ ناوەکەی واتە (کەژاڵ سلێمانی+شوان کەرکوکی+ دکتۆرە ساختەکەی ئەمەریکا) بلاو بکەمەوە. چونکە وەک لەسەرەتادا ئاماژەم پێ کرد ، مرۆڤی نەخۆش شایستەی بەزەی پێدا هاتنەوە و فەرامۆش کردنی هەڵەکان و وە لانانی کینە و بوخزەکانیەتی، بە هێندەی ئەوەی هەموو رشانەوەکانی بدەیتەوە بە دەم و چاوی خۆیدا، ئەمە سەرباری ئەوەی لای من حورمەت و رێزی خوێنەری کورد بە گشتی و خوێنەری نوسینەکانی منیش و (کازێوە)ش بە تایبەتی لەوە بە گەورەتر و بە رێز تر دەبینم ئاوا نوسین و ئیمایلێکی کەسێکی نەخۆش و بەربەری بخەمە بەر دیدەیان ،ئەگەر لەوە زیاتر سەغڵەتم نەکات و ناچارم نەکات...
هێندە دەڵێم... دەکرێت هەر ئێستە عارەقەی ئەو شەرمە برێژێت، کە هەر سێ ماڵپەری کوردستان پۆست و کوردستان نویز و دەنگی سەربەخۆ نوسینەکەتیان فرێدایە ناو تەنەکەی زبڵەوە، کە دوور نیە زبڵدانی مێژویش چاوەروانی خۆت نەکات
لە کۆتایدا تەنها ئەو پەندە بە بیر ئەم بە ناو دکتۆر–مامۆستا کۆمەڵێ شتی تریش دەهینمەوە کە دەڵێ ... دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێت ، هەر بۆیە لێرەوە ئەم دکتۆرە دڵنیا دەکەم، وەک ئەوەی بە ئیمایل بۆ خۆیشیم نوسی چ من و سەرجەم خوێنەران (کازێوە) خۆشی ، ئەو هاوریانەشی کە تۆ وات زانیوە لە ئاستی تۆدان ،دوو درۆ وفیتنەی ئیمەیل بیانکات بە دوژمنی کازیوە ئاگامان لەم دوو رووویەتەو دەزانین بە چ دەدرێک ئەتلێتەوە، هۆشیارین لە بەرامبەر ئەم جەنگە دۆراوەتا، کە تا خوا حەز بکات جەنگێکی نا مرۆیی وبەربەری و وەحشیانەیە، کە گومانیش نیە لە رسوابونی تەنهاو تەنها خودی خۆت لە کۆتایدا
بۆیە هێندە دەڵێم... چەندە زوتر لە هەوڵی خۆ چاک کردن و گەرانەوەی سیماو ئەدگارەکانی مرۆی بیت بۆ خۆت، هێشتا هەر زووەو کات کۆمەکیت دەکات. لەبری ئاوا جەنگێک کە لە کۆتایدا تەنهاو تەنها پەنجەی پەشیمان

**گەستن و عارەقەی شەرم ڕشتتنتە لە بەردەم خوێنەراندا.من لای خۆمەوە سەرم لە هێزو توانا و عەزیمەتی ئەم ژنە نووسەرانەی کوردا سووڕماوە لە ناو جەنگەڵی ئەم جۆرە گورگە پیاوانەدا،باشە من تەنها بە هۆی نووسینێک لە سەر ژنێک زانیم گورگی لەم جۆرەش لە ناو پیاواندا هەیە ، ئەی دەبێت ئەو ژنانە خۆیان چی بینیبێت ، ئەبێت مەستورەی کوردستانی و کازیوە سالْح و مهاباد قەرەداغی وکەژاڵ ئەحمەد و نەجیبە ئەحمەد و...نووسەرە ژنەکانی تر ،ئەبێت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئێمەی پیاو شەرم نەکەین بیرەوەریەکانی ئەم ژنانە بخوێنینەوە.؟؟؟؟**